# شوناسه جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ن/خيرة طهيري*

**و/هێمن مه حمود-دەربەندیخان**

HEMNM1979@YAHOO.COM



**بابەتی ( شوناس ) بەگرنگترین بابەتی هاوچەرخ دادەنرێت کە جێگای مشتومڕبێت لەناوەندە فیکرییەکاندا چ عەرەبی وچ رۆژئاواییەکانیش.**

**کتێبە تازەکەی مێژونوسی ناسراو( بەرنارد لویس ) ( شوناسە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) تەعبیر لەو گرنگییە دەکات وبەدیاریکراویش لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە ( لویس )وەها سەیری ئەم چەمکە دەکات ( رۆژهەڵاتی ناوەراست ) کە چەمکێکی رۆژئاواییە ومێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست.**

**ئەمەش دانپیانانێکی ئاشکرایە بەهێز وکاریگەری بەردەوامی رۆژئاوا، چونکە ئەم چەمکە بەرتەسکە کە تەنها لەلای ڕۆژئاواییەکان مانادارە، وەهای لێکراوە کە لەهەموو جیهاندا بەکاربهێنرێت، تەنانەت لەلای خودی گەلانی ئەم ناوچەیەش ئەویش وەك ئاماژە دانێك بەوڵاتانی تایبەت بەخۆیان، ئەمەش لەسەردەمی جەختکردنەوە لەسەر( خود )دا چ لەرووی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی یا هەرێمایەتیەوە مایەی سەرنجە، بەتاییەت ئەم جەختکردنەوەیە لەزۆربەی جارەکاندا لەشێوەی دژایەتیکردنی رۆژئاوادا دەردەکەوێت.**

**دەرکەوتەکانی ئەم کاریگەرییە رۆژئاواییەش لەهەندێ چەمکی وەك ( هاوڵاتیبون ) وشوێنی سەرەکی لەدایکبونی ئەم چەمکە کە ئەوروپای رۆژئاوایە دەدرەوشێتەوە.**

**دواین سنوریش کە پێیگەیشتبێت سنورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیە کە دەوڵەتێکی پادشایەتی بوە ودانیشتوانیشی لەنەتەوەی جیاواز ومەزهەبی جیاواز پێکهاتبون کە ئەمەش وەهایکردبو کرانەوەیەکی سنورداری هەبێت ولەسەر شێوازی ئینگلیزی یاخود فەرەنسی پێشوازی لە دروشمە نیشتمانییەکان نەکات.**

**چەمکی نیشتیمان پەروەری تاوەکو دوای جەنگی جیهانی یەکەم ودروستبونی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی لەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جێگیر نەبوو، ئیدی لە میسر وچەند وڵاتێکی دیکە بیرە نیشتیمان پەرەیان سەند.**

**بەڵام لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە وسەرەتاکانی سەدەی بیست، ئایدۆلۆژییا نەتەوەییەکان، ئەوانەی کە بنەچەیەکەیان دەگەڕایەوە سەر ناوەڕاستی ئەوروپا ورۆژهەڵات ، لە ناوەندی ئەو گەلانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتە کۆن و تازەکاندابون پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.**

**ئاینی ( ئیسلام ) وەك چەمکێك کە تەعبیر لە شوناس دەکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵە سیاسیەکەی لەسەر ئاستی جیهانی ولەسەر ئاستی ناوخۆیی بەشێوەیەکی دیار جیاوازبوە لەرۆڵی رکابەر وهاوتا مەسیحییەکەی، چونکە سەرۆکەکان یاخود وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا وئەڵمانیا هەرماوە ماوە دانەنیشتون ولوتکەی ( لۆسەر )ی بگرن.**

**هەروەها دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە تەنانەت ئەو کاتەش کە ( یەکێتی سۆڤیەت ) مابو نەڕۆشتن بۆلای دەسەڵاتدارانی ( یۆنان )و ( یۆگسلاڤیا ) هەرچەندە بەشێوەیەکی کاتیش بێت جیاوازییە ئایدۆلۆژی وسیاسیەکانیان وەلاوە بنێن ولەسەر بنەمای سەر بەکەنیسەی ئەرسۆزۆکسی کۆبونەوە گرێیدەن.**

**جابۆیە بیرۆکەی ئەم جۆرە کۆبونەوانە کە لەسەر بنەمایەکی ئاینین بەنیسبەت زۆرێك لەچاودێرە رۆژئاواییە هاوچەرخەکان بیرۆکەیەکی سەخیف وتەنانەت پێکەنیناویشە، بەڵام لەجیهانی ئیسلامیدا وەهانیە. دەربارەی رەگەزیش ئەوا دالی یەکەمینی شوناسە کە بەئاسانی ناسڕێتەوە، هەر لەم سیاقەشدا( لویس ) شوناسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەها دەخاتە روو کە بەشێوەیەکی زاڵمانە**

شوناسێکی نێرینەیە بەجۆرێك هەر ئەو نێرینەبونە پلەکان وپێگە کۆمەڵایەتیەکان دیاریدەکات،تەنانەت لەشوناسی ئاینیشدا هەر ئەم ئاراستەیە زاڵە،چونکە لە یاسای ئیسلامیدا ڕێگا بەوەدراوە پیاو ژن بهێنێت گەر ژنەکەشی سەر بەئاینەکانی دیکە بێت و ئەگەر واز لەئاینەکەی خۆشی نەهێنێت،بەڵام شوکردنی ژنی موسڵمان بە پیاوی ناموسڵمان ڕێگە پێنەدراوە،ئەوانەی کە لەشەرعدا شارەزان هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کاتێك عەقیدەی ئیسلامی لەگەڵ هەر عەقیدەیەکی جیاوازدا پێکبگەن،دەبێت باڵادەستیەکە بۆ عەقیدە ئیسلامیەکە بێت.

لە پرۆسەی ژنهێنانیشدا پیاو باڵادەستە،ئەمەش بە پێچەوانەی جولەکەکانەوە،چونکە لەئاینی جولەکەدا ئەو کەسە بەجولەکە دادەنرێت کە دایکی جولەکە بێت یاخود بوبێت بەجولەکە،وە ئەو منداڵەی کە لە دایکێکی جولەکە لەدایکوببێت وباوکی جولەکە نەبێت بەجولەکە دادەنرێت،بەڵام منداڵێك کە باوکی جولەکە بێت ودایکی جولەکە نەبێت بە جولەکە دانانرێت،کە ئەمەش جەختکردنەوەی ڕۆڵی دایکە لەلای جولەکەکان،( لویس ) وەها بیانوو بۆ ئەمە دەهێنێتەوە کە موسڵمانەکان ویستویانە لەڕێگای ئەوانەی کە پێشتر باسمانکرد جەخت لەسەر شوناسی باوکایەتی بکەنەوە،کە ئەمەش هەوڵی پاراستن ودابڕینی دۆخی ئافرەتە موسڵمانەکانە.دەربارەی زمانیش ( لویس ) وەهاسەیری دەکات کە دلالەتێکی سەرەکی شوناسە لەچەندین لایەنەوە،چونکە وەك رایەڵێکە ئەوانە پێکەوە دەبەستێ کە بەشدارن تیایدا و وەك لەمپەرێکیشە لەبەردەم ئەوانەی کە نایزانن.

دەربارەی ( نیشتمان )یش وەك دەستەواژەیەك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا هەمو مانایەکی سیاسی و عاتیفی ،بۆ نیشتمان وزەوی باوباپیران، بۆ وڵاتی تیادا لەخۆگرتوە.

بەڵام ئازایەتی لەشەڕکردندا وخۆکردنە فیدای وڵات شتێکی ناسراوبوە لەلای ڕۆژئاواییەکانیش هەر لە( هۆمیرۆس )ەوە تاوەکو ( هۆراس ) وهەزاران شاعیر ووتاربێژانی دی لەئەوروپا.

بەنیسبەت جیهانی ئیسلامییەوە ئەم دەستەواژەیە دەستەواژەیەکی نەناسراوبوو تاوەکو کاریگەرییە ئایدۆلۆژیی وفیکرییە راستەقینەکانی شۆرشی فەرەنسی نەگەشتە جیهانی ئیسلامی.

تاوەکو ئەو ساتە وەختە فیکری نەتەوەیی یاخود نیشتمانی نەتەوەیی وەك بنەمایەك بۆ شوناسی سیاسی وسیادی ناسراو بۆ زۆرێك لەرۆژهەڵاتیەکان ئەوانەی کە نەکێشەکانی خۆیان دیاریکردبوو نەکێشەی دوژمنەکانیان،دروشم گەلی وەك نیشتمان بونی نەبوو.

هەروەها ( لویس ) لەکتێبەکەیدا باسی چەند چەمکێکی وەك ( نەتەوە وهۆز ) دەکات،دواتر چەمکی ( نەتەوایەتی ) لەزمانی عەرەبی هاوچەرخدا وەك دەلالەتێکی ئیجابی دەخاتە روو،ئەم چەمکەش یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەلایەن لایەنگرانی یەکێتی گەورەی عەرەبەوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئیدانەکردنی شوناسە هەرێمایەتی یاخود ناوخۆییەکان.

لەبەرامبەریشدا ئەو چەمکەی کە زۆرتر بەمانا سلبیەکەی بەکاردەهێنرێت چەمکی ( شعوبیەت )ە،ئەمەش پێچەوانەی چەمکی ( گەل )ە کە بەمانای ( کۆمەڵایەتی-سیاسی )بەکاردەهێنرێت وەك دەلالەتێك بۆ گەل.

ئەم چەمکە( گەل ) ئاماژەیە بۆ نیوە دورگەی عەرەبی یاخود باکوری ئەو نیوە دورگەیە لەزەمانی ( عیبرییەکاندا )،بەڵام لەزۆربەی جارەکاندا بۆ ئەو هۆزانە بەکاردەهات کە لەبیاباندا لەناوچە سنورییەکانی عیراق وفەلەستین وسوریادا دەژیان.

تاکەکان دەتوانن شوناسی خۆیان بە پێ ئەو وڵاتە یان ئەو نەتەوەیە یان ئەو رۆشنبیرییە یان ئەو ئاینە دیارییکەن کە قبوڵیانە،بەڵام وەلائی پێویست لەسەریان دەبێت بۆ دەوڵەت بێت.

دەوڵەتی بیرۆکراتیش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکۆنترین جۆری دەوڵەت دادەنرێت لەهەمو شوێنەکانی دیکەی جیهان،کە لەرێگای چەند قۆناغێکەوەهەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هێزی خۆیان زیاتر سەپاندووە بەسەر هاوڵاتیاندا.

ئەویش بەهۆی ئاو،نەوت،گواستنەوە وچاودێریکردن وزاڵبون وسەرکوتکردنەوە.

لەئێستاشدا شوناسی تاك،چ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بێت یاخود ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بە پێی ئەو دەوڵەتەیە کە حوکمی دەکات زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە.

شێوازی وەلائبۆ دەوڵەتە بیرۆکراتییە عەرەبییەکان( تەجنیدە )( بەزۆر سەربازیپێکردن لەلایەن دەوڵەتەوە )،بەکارهێنانی شێوازی ئەوروپیش لە ( تەجنید )دا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا وەهایکرد کە دەشتەکیەکان وهاوڵاتیانی شارە ئیسلامیەکان بۆ یەکەمجار لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بن لەگەڵ دەوڵەتدا و ببن بەبەشێك لەدەزگاکانی دەوڵەت.

هەروەها چەند ئالیەتێکیش ڕێکخرا بۆ پۆشینی جل وبەرگ ودانانی دروشم وئالا وسروده نیشتیمانیەکان،کە بەشێوەیەکی رەمزی تەعبیری لەم شوناسە گشتی وتازەیە دەکرد کە لەراستیدا هیچ نەبوو جگە لە کۆپییەکی دەرەوە.

( لویس )ئەوەشی بیرنەچوە کە باس لەسیستەمەکانی دەسەلات وهەموو ئەو قۆناغانە بکات کە رۆژهەلاتی ناوەراست پیایدا تێپەڕیوە،دوو جۆر شێوازی گۆڕینی دەسەلاتیشی دیاریکردوە،کە یەکەمیان گواستنەوەی دەسەلات بوە لە باوکەوە بۆ کوڕ یان هەر لەناو یەك خێزاندا، جۆری دوهەمیشیان لابردن و وەرگرتنی دەسەلات بوە لەرێگای هێزەوە،وە یەکێك لەو سیفەتانەی کە شایانی سەرنجدانە لە سەردەمی هاوچەرخدا،ئەوەیە کە تازەگەری لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بۆ ناو ئیسلام کە ئەویش بەهێزکردنی هێزی دەوڵەت بوە وەك ناوەندێك بۆ چالاکی نەوەك لاوازکردنی،هەر ئەمەشە بو بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا ئیسلامیە تەقلیدییەکان بەرەو پێشەوە برۆن.

ئەوەی کە ( بەرنارد لویس ) لەکۆتایدا پێی دەگات لەم کتێبەدا ئەوەیە کە بەشی سەرەکی لە پرۆسەی دیاریکردنی شوناسدا ئەو هێڵەیە کە خود لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، چ ناوخۆیی بێت یاخو دەرەکی.

بۆ دیاریکردنی شوناسی جیاواز جیاوازیش پێویستمان بە چەندین هێڵی جیاواز جیاواز هەیە،کە ئەم هێڵە جیاوازانە لەتوانایاندا هەیە بەدرێژایی زەمەنەکان بگۆڕێن بۆ ئەوەی دابەشکردنێکی وەها بەدیبێت کە دیارییکات ئێمە کێین وئەوانیش کێن، پرۆسەی دیاریکردنی ئەوانی دیکە بەشێکی گرنگە لەدیاریکردنی خود.

*نوسەرێکی جەزائیرییە

سەرچاوە/

رۆژنامەی ( الغد )ئوردونی

رۆژی 2007/4/21